# کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان

# پشتیوانی لە داوا ڕەواکانی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی دەکەین

کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان لەپێناو مافەکانی سەرجەم خەڵکی کوردستاندا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە کوردستاندا تێدەکۆشێ کە لەسەر بناغەی دابینکردنی ئازادی و یەکسانی بۆ هەموو هاوڵاتیان کاربکا. هەربۆیە مانگرتن و نارەزایەتیەکانی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی لەدژی گەندەڵی لە کاروباری خوێندنی باڵادا بەبەشێك لە حەرەکەتی کۆمەڵگای مەدەنی کوردستان دەزانێ بۆ باشترکردنی مافی خوێندن و پەروەردەی زانستی لە کوردستاندا و هەربۆیە پشتیوانی توند لەو جوڵانەوەیەی خوێنکارانی زانکۆی سلێمانی دەکا و هەوڵی جدی دەدات لەپێناو سەرکەوتنیدا.

ئێمە داوای خویندااکارانی کۆلیژەکانی پزیشکی و ئەندازیاری و یاسا و ئەوانیتر بۆ  داخستنی زانکۆی ئاینده تا ئەوکاتەی ستانداردە زانستیەکانی زانکۆ ڕەسمیەکانی تر پەیرەو دەکات بەڕەوا دەزانین و پێویستە سەرەڕای ستانداری زانستی فرسەتی یەکسانیش لەلایەن ئەم زانکۆیەوە دابین بکرێت بۆ هەرخوێندکارێك کە دەیەوێت لەو زانکۆیەدا بخوێنێت.خویندکارانی ئەم بەشانەی مانیان گرتوە هەروەها لە پێناو دابینکردنی خێرای تاقیگە و پێویستیەکانی تری خویندن و بەشی ناوخۆییەکان کە پێشتر لیستی ئەم داوایانە دراوە بە ئەنجومەنی وەزیران ئەمرۆ تێدەکۆشن و لەسەر داوا ڕەوانەیان دژ بە هەڕەشە و گوشارەکانی دامودەزگاکان پێداگریان کردوە کە دیفاعە لە مافی سەرجەم خویندکارانی زانکۆی سلێمانی ، هەربۆیە پێویستە هەموو خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی و سەرجەم زانکۆکانی کوردستان و رای گشتی پشتیوانی خواستەکانیان بکەن و ڕێگە نەدەن هیچ چەواشەکاریەك کە بەرامبەر بەم مانگرتنانە دەکرێت لەو پشتیوانیە دەربڕینە ساردیان بکاتەوە.

هەروەك تەجروبەی ئەم مانگە لە مانگرتنەکە نیشانیداوە وەعدەو بەڵێنەکانی کاربەدەستانی حکومەت و حزبی دەسەڵاتدار بۆ دەستخەڕۆکردنی خوێندکاران و ڕێگەگرتنە لە جیبەجیبونی خواستەکانی خویندکاران و هاتنە مەیدانی سەربەخۆیان.هەربۆیە سەرکەوتنی ئەم نارەزایەتی ومانگرتنەی خوێندکاران لە پت بەستن بە هێزی یەکگرتوی خۆیان و بریاری بەکۆمەڵی خوێندکاران و کارکردنی دەستەی نوێنەرایەتی ئێستای مانگرتنەکەیە بۆ بەڕەسمی ناسرانی خۆی لەلایەن زانکۆ و ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ بەدوداچوون و جێبەجیکردنی داواکاریەکانی خوێندکارانی زانکۆ. ئەم دەستەی نوێنەرایەتیە پێویستە بڕیارەکانی لەسەر مانگرتن و داواکاریەکان بەپێی جێبەجیبونی ڕەسمی و نوسراوی دەزگابەرپرسەکان بێت نەك بەقسەی سەرزارەکی و وەعد و بەڵێنێ کە تا ئێستا بۆ چاوەروان هێشتنەوە و دەستخەڕۆکردن بوە و ئامادەیی و گەرم و گوڕی ئەم خەباتەی خوێندکارانی لاوازکردوە. کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان لەپێناو سەرخستنی ئەم داوا و خەباتەی خویندکارانی کوردستان شان بەشانی دەستەی نوێنەرایەتی خویندکارانی زانکۆی سلێمانی تێدەکۆشێ و لەپێناو ڕاکێشانی پشتیوانی رای گشتی خەڵکی کوردستان و ڕێکخراوە نیونەتەوەییەکان لەم جوڵانەوەیەی خویندکاران تێدەکۆشێت.

2005/03/29

asokamal@yahoo.com, zmnaco@yahoo.co.uk,
www.kurdistanreferendum.net
Tel :07701445961,07701549800